# خوا تەمەنی **کوردستان نێت** درێژ بکات!

حەمەسەعید حەسەن

(ناتوانین پێشبینی داهاتوو بکەین، وەلێ پێمان دەکرێت،
بەشداری لە بنیاتنانی تەلاری داهاتوودا بکەین.
من بە مەبەستی وتووێژ لەگەڵ داهاتوو کردندا، پێش ڕووداوەکان دەکەوم.)(*)

* جاری وا هەیە، لەو دیو گوتنی قسەیەکی چاکەوە، نیازێکی خراپمان هەیە. ئەوە لایەنێکی باشی کوردستان نێتە کە بڕوای بە ئازادیی بیروڕا دەربڕین هەیە، وەلێ کەسانی نامۆ بە دنیای نووسین، خراپ کەڵکیان لەو لایەنە چاکە بینیوە.

* ئەوە ڕوویەکی گەشی کوردستان نێتە، کە دەرگەی خۆی بە ڕووی نووسینی عەوامیشدا خستووەتە سەر پشت، ئەوە کارەساتە هەندێک لەو عەوامانە، کە نووسینی خۆیان لە سایتەکەدا بینییەوە، ئیدی خۆیان لێ دەبێت بە هەڵبژاردە.

* هەموو ڕۆژنامەیەک، کاغەزین بێت، یان ئەلکترۆنی، سەبەتەی پشتگوێخراوانی هەیە، بەشێک لەو بابەتانەی لە کوردستان نێتدا ڕووناکی دەبینن، شیاوی تەنەکەی خۆڵن، نەک پەخش.

* توندوتیژی نواندان، تاوانە. نواندنی زەبروزەنگ هەر لە بەکارهێنانی مشتەکۆڵە، چەقۆ، یان قۆناغەتفەنگدا بەرجەستە نابێت، بەڵکوو گوتەی ناشیرینیش، گەر چی جەستە ناڕووشێنێت، وەلێ چونکە هەست بریندار دەکات، ئەویش هەر زەبروزەنگ نواندنە و بە پێی یاسا سزای لەسەرە.

* هەندێک کە لە ژیانیاندا تامی هیچ سەرکەوتنێکیان نەکردووە و ئێرەیی بە کەسانی سەرکەتوو دەبن، ئەوانە کاسەی پڕ لە قینیان، لە ڕێی سووکایەتیی کردن بە کەسانی سەرکەوتووەوە، بەتاڵ دەکەنەوە. سەرکەوتووان دەزانن کە بۆ تیری پلاری تێکشکاوان، دەبنە نیشانە، بریا کوردستان نێتیش ئەوەی زانیبا و پلار و تانەی ئەو بەخیل و حەسوودانەی، بە نرخی نووسین بە خوێنەر نەفرۆشتبا.

* بەو هیوایەی کوردستان نێت لە سەرەتای ساڵی شەشەمی تەمەنییەوە، دەرگەی خۆی بە ڕووی جنێونووساندا کڵۆم بدات، چونکە ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی جنێوبەخشینەوە نییە و سایتێکی <کوردستانی>ش هەیە، کە خۆی بۆ <پۆست>کردنی جنێوی کوردی تەرخان کردووە.

* جنێودەر چونکە لە جنێو بترازێت هیچ (مەعریفە)یەکی دیکە شک نابات، لە هەوڵی ئەوەدایە بە هۆی جنێودانەوە، هەبوونی خۆی بسەلمێنێت. چونکە هێرشی ناڕەوا و ستایشی نابەجێ، دوو ڕووخساری یەک دراون، چونکە ئەوپەڕی چەپ و ئەمپەڕی ڕاست، ئەگەر چی لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەقوڵێن، وەلێ لە کۆتاییدا هەر دەڕژێنەوە سەر هەمان گۆمی لیل، بۆیە جنێودەر، بەو ئاسانییەی ئەمڕۆ جنێو بە فلان دەدات، دەشێت سبەی گۆرانی بە بالایدا هەڵبلێت.

* جنێودەر ئەگەر ڕاستیش بلێت، کەس بایەخ بە قسەی نادات، چونکە لە سەنگەرێکی هەڵەوە، داکۆکی لە ڕاستی ناکرێت. ئەگەر کوردستان نێت، خۆی سەنگین ڕابگرێت، ناوەندەکانی بڕیار، گوشاری بە هێند وەردەگرن و ماندووبوونی بەفیڕۆ ناچێت.

خوا تەمەنی کوردستان نێت درێژ بکات و شیفای جنێودەران و بەخیلانیش بدات.

2004. 08. 11

* جیروم بندی، مفاتیح القرن الواحد و العشرین ٢٠٠٤ بیروت